**وەزارەتی رۆشـنبـيـری**
**بەڕێوەبەرايەتی گشتيی ديـوان**
**بەڕێوەبەرايەتی ياســا**
**ڕێكــەوت : ٢٠٠٣/٥/١٨**

## ڕێنمايی ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ( ٢٠٠٣ )
## تايبەت بە مۆڵەتدانی دەستفرۆشانی كاسێتــی دەنگ و ڕەنگ بە هەموو جۆرەكانييەوە

بە پێی ئە دەسەڵاتەی لە ماددەی (٣)ی ياسـای وەزارەتـی ڕۆشـنبيری هـەرێمی كوردسـتان ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو پێمان دراوەو ، بۆ بەرژەونديی گـشتی و ، ڕێكخـستنی كاروباری مۆڵەتدانی دەتفرۆشانی بواری كاسێتی دەنگ و ڕەنگ بە هەموو جۆرەكانييەوە بڕياری دەركردنی ئەم ڕێنماييەمان دا :

**يەكەم :** دەستفرۆشانی بواری كاسێتی دەنگ و ڕەنگ بە هەموو جۆرەكانييەوە بۆيان نييە بـەبێ مۆڵەتی پێش وەختەی بەڕێوەبەرايەتی ڕۆشنبيری پارێزگە ئەم كارە ئەنجام بدەن.

**دووەم :** ئەو كەسەی داوای مۆڵەت دەكات ، سەرەتا داواكارييەك پێـشكەش بـە بەڕێوەبەرايـەتيی ڕۆشنبيری پارێزگە دەكات و ، ئەم بەڵگە نامانەی لەگەڵدا دەبێت.

أ. دوو وێنەی تازەی ڕەنگاورەنگ.
ب. پوولێكی دارايی يەك ديناريی.
ج. پشتگيری دەزگا بەرپرس و پەيوەنددارەكان.
د. پشتگيری تۆمارگەيەكی كاسێتی دەنگی ، ڤيديۆيی بە ڕەسميی مۆڵەتدراو.

**سێيەم :** مۆڵەتدراو دەبێ پابەندی هەموو بنەماكانی داب و نەريتی كوردەواری بێت و ، نـابێ ئـەو جۆرە كاسێتانە بفرۆشێت ، كە زەرەر و زيان بە كۆمەڵگەی كوردەواريمان دەگەيەنێت.

**چوارەم :** ماوەی مۆڵەت يەك ساڵەو ، كەسی مۆڵەتدراو بە مانگێك بەر لە تەواوبوونی مۆڵەتەكـەی دەبێ داوای تازەكردنەوەی بكاتەوە.

**پێنجەم :** ڕەسمی مۆڵەت بەم شێوەيەی خوارەوە دەبێت :

أ. ڕەسمی مۆڵەت بۆ يەكەمجار :
ـ (٥٠) پەنجا دينار پارەی ڕەسمی مۆڵەت.
ـ (١٠) دە دينار پارەی ڕەسمی پشكنين.

ب. ڕەسمی تازەكردنەوەی مۆڵەت :
ـ (٣٠) سی دينار پارەی ڕەسمی تازەكردنەوەی مۆڵەت.
ـ (٥) پێنج دينار پارەی ڕەسمی پشكنين.

**شەشەم :** داواكاری مۆڵەت دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت :

أ. نابێ تەمەنی لە (١٨) ساڵان كەمتر بێت.
ب. دەبێ خوێندن و نووسين بزانێت.

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**حەوتەم :** مۆڵەتدراو بە بێ رەزامەندیی خاوەن بەرهەم نابێ ئەو بەرهەمانە بفرۆشێت و مامەڵەیان پێ بکات ، کە بە پێی یاسای مافی دانەر مافەکانیان پارێزراوە ، بە پێچەوانەشەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ، وەکو سەرپێچیکار بە پێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٧١) ــ یاسای مافیدانەر ــ هەڵس و کەوتی لە گەڵدا دەکرێت و ، ئەم خاڵەیش هەموو نووسینگەکانی تۆمارکردن و فرۆشتنی کاسێت و (CD) دەگرێتەوە.

**هەشتەم :** ئەو کاسێتانەی دەستفرۆشان دەیانفرۆشن دەبێ مۆری نووسینگەیەك یان تۆمارگەیەکی مۆڵەتدراوی پێوەبێت.

**نۆیەم :** ئەو مۆڵەتدراوەی سەرپێچی یاسا و رێنماییەکانی وەزارەت بکات ، بە شێوەیەکی رەسمی دووجاران ئاگادار دەکرێتەوە ، ئەگەر هەر لەسەر سەرپێچییەکانی بەردەوام بێت ، مۆڵەتەکەی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیریی هەڵدەوەشێتەوەو ، وێنەیەکی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەش بە دەزگا بەرپرس و پەیوەندیدارەکان دەدرێت ، تا دوای ساڵێکیش بۆی نابێت داوای مۆڵەت بکاتەوە.

**دەیەم :** ئەو کەسەی مۆڵەتەکەی لەسەر سەرپێچیکاری هەڵدەوەشێتەوە ، دوای تێپەربوونی ساڵێك بەسەر سزادانی ، گەر داوای مۆڵەت بکاتەوە ، ئەوە وەکو ئەو کەسە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ، کە بۆیەکەمجار مۆڵەت وەردەگرێت.

**یازدە :** ئەگەر مۆڵەتدراو بە ئارەزووی خۆی واز لە کارەکەی بێنێت ، یان پەیوەندی لەگەڵ ئەو تۆمارگەیەدا نەمێنێت ، کە پشتگیریی مۆڵەتدانەکەی کردووە ، کەسی مۆڵەتدراو دەبێ لە ماوەی یەك هەفتەدا بە نووسین بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی پارێزگەی لێ ئاگادار بکات ، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت .

**دوازدە:** دەستفرۆشانی مۆڵەتدراو بە بەردەوامی لەلایەن لێژنەی چاودێری و پشکنینی سەر بە بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی پارێزگە، بە هاوئاهەنگیی نوێنەرانی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی نێوشار بەسەر دەکرێنەوە و، لێژنەکە بۆی هەیە هەموو ئەو کاسێتانەی سنووری رێنماییەکانی وەزارەتیان تێدا بەزێنراوە دەستگیر بکەن و، مۆلەتدراوانیش بەپێی خاڵی نۆیەمی ئەم رێنماییە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

**سێزدە:** هەر رێنماییەکی دیکە ، کە لەگەڵ ئەم رێنماییەدا ناکۆك بێت کاری پێناکرێت .

**چواردە :** دەزگا بەرپرس و پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێنماییەو ، بۆ بەرژەوەندی گشتی ، دەبێ هاوکاریمان بکەن.

**پازدە :** ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا کاری پێ دەکرێت.

**محمود محمد محمود**
**وەزیری رۆشنبیری**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com